


### لەکاتی بەربانگدا

# شوێنی پۆلیسی هاتوچۆ چۆڵە

«پۆلیسەکانی ئێمە لەکاتی بەربانگدا یاسا و ئەرکی خۆیان بەقەدەر دەسپێرن»

«بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ پلانی خۆی هەیەو بەزووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەردەکات»

موسـڵمانانی کوردسـتان پێشـوازییەکی گەرم لەمانگی ڕەمەزان دەکەن و لەکاتی نزیکبوونەوەی بەربانگیش، شـەقامەکان لەفڕکەی ئۆتۆمبێل جمەیان دێت، لەکاتی بەربانگکردنەوەشدا تەنانەت پۆلیسی ئێشکگر و پۆلیسی هاتوچۆش لەشوێنی خۆیان نامێنن. لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی شارەکە، ئەوە بەکارێکی ئاسایی دەزانن، بەڵام هاووڵاتیان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ئەو دیاردەیە هەیە.

## پێش هاتنی ڕەمەزان دەبوا بەرنامەڕێژی بۆ بکەن

کەتان خادیمی، ئافرەتێکی ڕاگەیاندکار و چیرۆکنووسی شاری سلێمانییەو سەبارەت بە بەجێهێشتنی شوێنی کار و بەتایبەتی نەمانی پۆلیسەکانی هاتوچۆ لە شوێنی چاودێری شەقامەکان لەکاتی بەربانگدا، ڕایوایە «پێش هاتنی ڕەمەزان پێویست بوو لایەنی پەیوەندیدار بەرنامەڕێژی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی بۆشایی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی هاتوچۆ دروست نەبێت، گوتیشی «گەرچی ئەوە بەشوێن کەوتووە، چونکە لەوانەیە هەندێك ناوچە هەبن، کە نەبوونی پۆلیس لە کاتی بەربانگ کێشە نەبێت و بۆیان زۆر ئاسایی بێت، بەڵام هەندێك شوینی شار هەن زۆر هەستیارن، بۆیە دەبێت ئەو شوێنانەی کە جێگەی مەترسین، پاسەوان و پۆلیسی هاتوچۆ چۆڵی نەکەن».

ئەو خانمە چیرۆکنووسە پێشنیاری ئەوە دەکات کە «حکومەت خۆی خوانیان بۆ ئامادەبکات و پۆلیسەکان لە شوێنی کارەکەیان بەربانگ بکەنەوە، «ئەوانیش بەڕۆژوون، بۆیە پێویستە حکومەت ئاسانکارییان بۆبکات، واتە پێویست بوو بەر لە ڕەمەزان ئێشکگریی دیاری بکرێت بۆ ئەو کەسانە، ئەگەر بەبەرنامەڕێژی بێت، ئەوا ئەو پۆلیسانەش ناچار نەبوون لە کاتی بەر بانگ تەنانەت ئەو شوێنانەش کە جێگەی مەترسین، بەجێیبهێڵن». پێشنیارێکیشی ئاراستەی تاکی هاووڵاتی کرد کە بەهەموو لایەکەوە کاری جددی بکەن و هەوڵ بدەن لە ڕەمەزاندا زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، بۆ ئەوەی هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوونەدات.

## لە وڵاتانی پێشکەوتوودا یاسا ناخەوێت

«ئەوەی ڕاستی بێت، پۆلیسی هاتوچۆ هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕێکخستنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، کە لەسەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەرەنتی ژیانی هاوڵاتیان دەکات. بەڵام پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە لەهیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا هێزی ئەمنی و پۆلیسی هاتوچۆ بەتایبەتی بەهیچ بیانوویەك شوێنی کاری خۆیان جێناهێڵن، بەڵام لەکوردستان لەکاتی بەربانگ بەتایبەتی هیچ پۆلیسێك لە شوێنی ئێشکگری خۆی نامێنێ، بەڵام پۆلیسەکانی ئێمە لەکاتی بەربانگدا یاسا و ئەرکی خۆیان بەقەدەر دەسپێرن». بەختیار گەردی وایگوت. ئەو کە فەرمانبەرێکی کەرتی تایبەتە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆڵکردنی شوێنی کار، بەتایبەتی لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆ کارەسات و ڕووداوی هاتوچۆی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەڵێت «لە کاتی بەربانگ زۆربەی خاوەن ئۆتۆمبیلەکان بە خێراییەکی زۆر دەڕۆن و زۆر جار بینراوە کە لە گڵۆپی سووریش دەدەن، بەوەش خۆیان و خەڵکیش دەخەنە مەترسییەوە، گەر سەردانێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنیش بکەین ئەو ڕاستییانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە». بە پێویستیشی زانی لایەنی پەیوەندیدار ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ژیان و سامانی خەڵکی پارێزراو بێت و نەکەوێتە مەترسییەوە.

## ئەگەر بیانەوێ شارەکەمان بشێوێنن، هیچ ڕێگرییەك لەبەردەمیان نییە

عەبدوڵلا دەربەندی یاساناس و فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردەیەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «پێش بانگی ئێوارە تا وەختی عیشا، نە پاسەوان و نە پۆلیسی هاتوچۆ، کەسیان لەسەر شەقامەکان نامێنن، شار کەس بە کەس نییە، خوانەخواستە ئەگەر تیرۆریستان بیانەوێ شارەکەمان بشێوێنن، هیچ ڕێگرییەك لەبەردەمیان نییە». ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەرکی پێسپێرداو کە گیانی هاوڵاتی دەپارێزێت، پیرۆزی خۆی هەیە و نابێت بە هیچ شێوەیەك لە بەرامبەریدا کەمتەرخەمی بکرێ».

دەربەندی بە دیدێکی ڕەخنەگرانە سەیری دیاردەکانی ئەو مانگە دەکات و ڕاشکاوانە دەڵێت «کە دەڵێن ڕەمەزان هات، من ترس دامدەگرێت، ترس لەگرانیی بازاڕ، ترس لە قەرە باڵغی و بێسەروبەری و...هتد، چونکە لە بازاڕ بۆ هەموو شتێك سەرە گیراوە، تورشیات، پاقلاوە، سەوزە، میوە، سەموون و تەنانەت شەربەتییش. لەدوای عەسریش ناوێری پرسیار لەکەس بکەی، هەموو کەس تووڕەیە، وەك ئەوەی بۆ تۆ و لەبەر تۆ بەڕۆژوو بێ، خۆ ئەگەر لەبەر نەخۆشی یان هەر هۆیەکی دی، بەڕۆژووش نەبی، ئەوا چێشتخانە و خواردەمەنییەکت بەئاسانی دەست ناکەوێ، دەبێ لەبرسان و لەتینوێتی بمری».

## وێڕای ستایشی هێزی ئەمنی و پۆلیسی کوردستان ئاگاداریش دەکرێنەوە

فەرهاد بڵباس کە فۆتۆگرافەرێکی خاوەن ئەزموونە، سەبارەت بە هەمان پرس ڕوو لە «پارێزەرانی ئارامی کوردستان» دەکات و دوای چاو ماچکردنیان، بەمجۆرە هاتەدوان:

«ئێوەی پاسەوان و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ، چاوساغ و پارێزەری ئارامی کوردستان و هاووڵاتیانن، هەموومان بە بوونی ئێوەوە هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەین و ئێوەش لەبەر ئەرکی بەڕۆژووبوون، پێویستە وڵات نەخەنە دەستی قەدەر. بەر لەهاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، شەوانی شار لە شێوەی سەیرانگەیەك دەهاتەبەرچاو، لەهەر سووچێکی شار وێنەی ئێوەی ماندوونەناس بەدی دەکرا. هەرچەندە ئێوەش مافی ئەوەتان هەیە بەڕۆژوو بن، بەڵام ئەوەتان لەیاد نەچێت، هاووڵاتیان بە هۆی ئێوەوە دەرگەی ماڵەکانیان داناخەن». لەگەڵ ئەو ستایش و ڕێز لێگرتنەش، بڵباس نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە لە کاتی بەربانگ «دیمەنێکی ترسناك»ی بینیوە. «ئەم ئێوارەیە پێش بەربانگ بەچەند خولەکێك، تینوویەتی و برسییەتی هەر هەمووتانی پەلکێش کرد بۆ سەر سفرەی خواردن و شار لەئێوە چۆڵ کرا، ئەو دیمەنە ترسێکی بۆ دروست کردم، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا بارودۆخی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردایەو هەرچی پێشمەرگەیە لە ئامادەباشیدایە لە سەر سنوورەکان، با لەم چرکە ساتانەدا ناحەزانی کوردستان خۆیان نەخزێننە باوەشی ئارامی شارەکانمان».

غازی فەیسەڵ ئەندامی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرەتا بە پێویستی زانی «ماندووبوون و شەونخونی هێزە ئەمنییەکان لەبەرچاو بگیرێ، لەبەر ئەوەی، لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەگشتی و دەوروبەری عێراق و ناو عێراق بەتایبەتی، ئەمینترین شوێن کوردستانە»، ئەوەشی بۆ هۆشیاریی خەڵك و شەونخوونی هێزە ئەمنییەکان گەڕاندەوەو لەگەڵ ئەوەشدا گوتی «کەمتەرخەمییە کە ئێواران شار بە قەدەر بسپێرین، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەخوازن هێزە ئەمنییەکان و بەتایبەتی ئێشکگرەکان لە شوێنی کاری خۆیان بەربانگ بکەنەوە»، گوتیشی «ئەگەر ڕووداوێکی خوانەخواستە ئەمنی ڕوودات، ئەوە لەسەر هێزە ئەمنییەکان دەکەوێت و خەڵکی سڤیلیش دەبنە قوربانی»، هیواشی خواست بە «ئێشکگرتن و دەستنیشانکردنی کاتە تایبەتەکان، نەهێڵن هیچ بۆشاییەك دروست بێت و گوتیشی «ئەمنیەت دەبێت ٢٤ کاتژمێر بەرنامەی خۆی هەبێت.»

## بەرپرسانی پاسەوانی و پۆلیسی هاتوچۆ، چی دەڵێن؟

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر (عەمید عەبدولخالق تەڵعەت) لەبارەی دیارنەمانی هێزەکانی پۆلیس و پاسەوانانی ئێشکگر لە شوێنی دیاریکراویان لە کاتی بەربانگدا بۆ گوڵان گوتی «پۆلیس و کارمەندانی هاتوچۆش مرۆڤن، ئەوانیش وەك ئەو خەڵکە بەڕۆژوو دەبن و بەربانگ دەکەنەوە، ئەوەش کێشە دروست ناکات، چونکە بە هەموو شێوەك شار و دەرەوەی شارەکانیش بە هێزی دیکە پارێزراون، بۆیە ئێمە نە کێشەی ئەمنیمان هەیە و نە ئەوەش کێشەی ئەمنیمان بۆ دروستدەکات».

هەر سەبارەت بەو پرسە، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر، (مولازمی یەکەمی هاتوچۆ هۆگر عەزیز محەممەد) گوتی: «پۆلیسەکانی هاتوچۆ بە دوو شەفت کار دەکەن، هەتا کاتژمێر ٧ی ئێوارە شەفتی ڕۆژن و لە ٧ی ئێوارەشەوە تا درەنگانی شەو شەفتی شەون کە بەردەوام لە شوێنی دەستنیشانکراوی خۆیان ئەرکی خۆیان بەجێدەهێنن، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئێستا مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەو لەو مانگەشدا پۆلیسی هاتوچۆش زۆربەیان بەڕۆژوون، بۆیە لەوانەیە لەکاتی بەربانگ بۆ چەند ساتێك بەربانگ بکەنەوە»، نکۆڵیشی لەوەنەکرد کە هەر لەوکاتەدا «شۆفیری خێرا هەن کە سەرپێچی لە ڕێنماییەکان دەکەن و جگە لەوەی زۆر خێران، هەندێکجاریش لە گڵۆپی سوور دەدەن، ئەوەش کێشە دروستدەکات، گوتیشی «بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ پلانی خۆی هەیە و بە زووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەردەکات».

# مووچەو داهات گرفت بۆ

**دەستبەسەرداگرتنی مووچەو داهاتی ئافرەتان لەلایەن هاوسەرانیانەوە، لەزۆر وڵاتی دواکەوتوو بۆتە دیاردەیەکی باو، کوردستانیش لەم تاریشەیە بەدەر نییەو بەشێك لەو ئافرەتانەی کە فەرمانبەرن، یان داهاتی سەربەخۆیان هەیە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە مووچە و داهاتەکانیان لەلایەن هاوسەرانیانەوە زەوتدەکرێ و لەخەرجکردنیدا هیچ پرسێکیان پێ ناکرێت. توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا پیاوان خۆیان بەگەورەی ماڵ دادەنێن، بۆیە بڕیار لەسەر هەموو شتێکی خێزان دەدەن.**

**«بەشی هەرە زۆری کێشەی ئافرەتانی کارمەند بەهۆی مووچەکانیانەوەیە»**

زەینەب موراد ئەلهاجری ڕۆژنامەنووسی ئەردەنی لەنووسینەکانیدا ئاماژە بەداهاتی سەربەخۆی ئافرەتان دەکات و دەڵێت «زۆرجار گوێبیست دەبووین کە داهاتی سەربەخۆی ئافرەتان وادەکات کێشەکانیان کەمتر ببێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەموومان هەستی پێدەکەین ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری کێشەی ئافرەتان بەهۆی مووچەکانیانەوەیە».

سەبارەت بە مووچە و داهاتی ئافرەتان و چۆنیەتی ڕێکخستنی لەگەڵ هاوسەری خۆیان، ڕای جیاواز هەیە. هەندێك لەئافرەتان بە پێویستی دەزانن کە ئازادیی تەواویان لە چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی خۆیان هەبێت، هەندێکیشیان وای بەباش دەزانن کە جۆرە هاوبەشییەك هەبێت و ڕێککەوتنی پێشوەختی لەسەر بکەن، واتە لەگەڵ هاوسەری خۆیان پێکەوە بڕیار لە سەر داهاتی هەردووکیان بدەن. بەڵام بەوپێیەی ئێستا هەندێك ئافرەت، داهاتیان لە هاوسەری خۆیان زیاترە، ئەوە کێشەی زیاتری بۆ درووستکردوون.

**«مێردەکەم هەموو مووچەکەمی بۆخۆی قۆرخکردووە»**

سەوسەن عەبدوڵڵا، فەرمانبەرەو هێما بۆئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی بەبیانووی خەرجیی ماڵەوە مانگانە سەرجەم مووچەکەی لێوەردەگرێت، ئەو بەنیگەرانییەوە دەڵێت «من مووچەکەم نزیکەی ٧٥٠ هەزار دینارە، بەڵام مێردەکەم هەمووی بۆخۆی قۆرخدەکات، تەنانەت کرێی هاتووچۆشم ناداتێ، ناچارم لەگەڵ پاسی فەرمانگەدا هاتووچۆبکەم». سەوسەن پێیوایە مووچە «سەرئێشەی زۆر بۆ ژنان دروست دەکات». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتانی فەرمانبەر ماندووبوونێکی زۆر دەکێشن، هەتا مووچەیەك وەردەگرن، کەچی مێردەکانیان لە چرکەیەکدا لێیان دەستێنن، بۆیە ئافرەتی ماڵەوە بە بەختەوەرتر دەزانێت.

**«پیاوی ئێستا تەماحیان لەمووچەی ژنەکانیانە»**

«هەست بەپەشیمانی دەکەم، کە لە ڕۆژی یەکەمەوە بەقسەی مێردەکەم کردو هەموو مووچەکەی خۆمم بەبێ سێ و دوو دایەدەستی، چونکە هیچی لەبەرچاو نییە». ئەمە دەستپێکی قسەکانی هێرۆ ئیسماعیل بوو. ئەو وەك فەرمانبەرێکی خاوەن مووچە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو مانگێك هاوسەرەکەی بەزۆر مووچەکەی لێدەستێنێ، بۆیە ڕای وایە «زۆربەی ژنە فەرمانبەرەکان مووچەکەیان بەهەرشێوازێك بێت، لەلایەن مێردەکانیانەوە قۆرخکراوە، چونکە پیاوی ئێستا زۆر تەماحکارن و حەزیان لەوەیە کە دەستبەسەر پارەی ژنەکانیاندا بگرن .

**«ئەگەر مووچەکەم بە مێردەکەم نەدەم ژیانم لێ دەکاتە دۆزەخ»**

بەپێی دانپێدانانی بەشێك لە ئافرەتانی مووچەخۆر، زۆرجار داهاتەکەیان بۆتە هۆی کێشەی خێزانی و ناچار ماڵ و منداڵی خۆیان جێهێشتووە، ئەوەتا سەروین ساڵح کە ئافرەتێکی فەرمانبەرە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «زۆر جار مەسەلەی مووچەی ئافرەتانی فەرمانبەر کێشەی ناهەمواریی خێزانی دروست دەکات، تەنانەت زۆر ژن ومێرد لەسەر ئەم بابەتە تووشی گرفت بوون». ئەو کە ماوەی زیاتر لەهەشت ساڵە هاوسەرگیریی کردووە، نموونە بە ژیانی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت «لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ مێردەکەم لەسەر مەسەلەی مووچەکەم ناکۆکین، چونکە هەرجارەو بە بیانوویەك مووچەکەم لێوەردەگرێت». ئەوەشی



# ئافرەتان دروستدەکات

نەشـــاردەوە کە چەندین جار بـــە هۆی دەمەقاڵێی لەســـەر مووچەکەی ماڵی خۆی بەجێهێشتووەو بۆ ماڵی باوکی گەڕاوەتەوە.

سومەیە ئیبراهیم، یەکێکە لەو هەزاران فەرمانبەرەی کە سکاڵا و گازاندەی ئەوەیان هەیە، هاوسەرەکانیان مووچەکەیان قۆرخدەکەن. وەك خۆی باسیکرد ماوەی پێنج ساڵە هاوسەرگیریی کردووەو دوومنداڵی هەیە، لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییدا قوتابیی زانکۆ بووە، لەبەرئەوە دەرماڵەی منداڵەکانی لەلایەن مێردە فەرمانبەرەکەیـــەوە وەرگیراوە، ســـومەیە لەوبارەیەوە دەڵێت «مێردەکەم دەرماڵـــەی هەردوو منداڵەکەمی خســـتە ســـەر مووچەی خـــۆی، دواتر بەوەشـــەوە نەوەستێت، مووچەکەشم لێدەستێنێت، ئەگەر مانگێك نەیدەمێ، ژیانم لێ دەکاتە دۆزەخ».

**«دەستبەسەرداگرتنی مووچەی ئافرەت ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئایینییە»**

توێژەرانـــی کۆمەڵایەتـــی وەك چینێکـــی گرنگی کۆمەڵگـــە پێیانوایـــە، ئافـــرەت لەکۆمەڵگـــە ڕۆژهەڵاتییەکاندا زیاتر دەچەوسێندرێنەوە، سەبارەت بە کێشەکانی مووچەش لە ژینگەی هاوسەریدا، هانا عوســـمان سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی و وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێت: «مەســـەلەی دەستبەســـەرداگرتنی مووچـــەی ئافـــرەت لەلایەن مێردەکەیـــەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئایینیە، چونکە لە کەلتـــوری ئێمەدا پیاو بەرامبەر بە بەخێوکردنی ژن و منداڵەکەی بەرپرســـیارە، لەبەر ئەوە دەستبەســـەرداگرتنی مووچـــەی ژنان لەلایەن خۆیانەوە بە شتێکی دروســـت دەزانن، بەڵام ئافرەت ئەو مووچەیـــەی وەریدەگرێت مافی خۆیەتی، چونکـــە بەتوانـــا و هێزی خـــۆی ئەو مووچەیە وەردەگرێت».

**پێویستە ئافرەتی کارمەند هاوکاریی هاوسەری خۆی بکات**

ئـــەو توێـــژەرە رای وایە، ئافرەت ئـــەو مووچەیەی وەریدەگرێـــت، مافی خـــودی خۆیەتـــی، بەڵام بە پێویستیشی دەزانێت، کە بەئارەزووی خۆی هاوکاری هاوسەرەکەی بکات، هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەر ئافرەتێکی فەرمانبەر کە هاوسەرەکەی زۆری لێکرد و دەســـتی بەسەر مووچەکەیدا گرت، دەتوانێت سکاڵای یاسایی تۆمار بکات، گوتیشی «لەڕووی یاســـاوە پێویســـتە پیـــاو ژنەکەی بەبـــێ بەرامبەر بەخێوبکات، بەلام واباشـــترە ئەو ئافرەتەی مووچەی هەیە، بەشێکی زۆر لە خەرجییەکانی نێوماڵ بگرێتە ئەستۆی، بۆ ئەوەی کێشـــەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مێردەکەیدا دروست نەبێت».

شـــارەزایانی بواری ئایینی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لەڕووی ئایینییەوە پێویســـتە پیاو ماڵ و منداڵەکەی بەخێوبکات. ئومێد کاکل شـــارەزا لەبواری زانســـتە ئیســـلامییەکان، رایوایە ئافرەت مافی خۆیەتی ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێـــت، بۆخۆی هەڵیبگرێت، چونکە ئایین پیـــاوی ناچارکردووە کە خەرجییەکانی نێوماڵ لەئەســـتۆ بگرێت. گوتیشی «بەداخەوە زۆر لەپیاوان بەهـــەر بیانوویەك بێـــت، مووچەکانیان لە ژنەکانیان دەســـتێنن، بەڵام ئایینی پیرۆزی ئیســـلام پیـــاوی ناچارکردووە کـــە خەرجیەکانـــی ناو ماڵ دابین بکات، ئەوەش واجبە لەســـەرهەموو پیاوێك، بەڵام ئاســـاییە ئافرەت بە ئارەزووی خۆی هاوکاری مێردەکەی بکات».

ئافرەتێک:

**پێویستە ئافرەتانی خاوەن مووچە لەگەڵ هاوسەری خۆیان پێکەوە بڕیار لە سەر داهاتی هەردووکیان بدەن**

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:

**لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا پیاوان خۆیان بەگەورەی ماڵ دادەنێن، بۆیە بڕیار لەسەر هەموو شتێکی خێزان دەدەن**

سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی:

**هەر ئافرەتێکی فەرمانبەر کە هاوسەرەکەی بەزۆر دەستی بەسەر مووچەکەیدا بگرێت دەتوانێت سکاڵای یاسایی تۆمار بکات**



شارەزایەکی ئایینی:

**بەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، دابینکردنی خەرجییەکانی ناو ماڵ لەسەر پیاو واجبە، ئاساییە ئافرەتیش بە ئارەزووی خۆی هاوکاری بکات**

# چیرۆکی ئەو منداڵانەی شەرم لە پیشەی باوک و دایکیان دەکەن

«مرۆڤ بە کارەوە جوانە»، ئەمە پەندێکی کۆنی کۆمەڵگەمانـــەو پەندێکی هاومانای ئەو پەندانەیە کە لەگشـــت کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتیـــدا بوونی هەیە. هەربۆیـــە گەورەبیرمەند و فەیلەســـووفی جیهانـــی (ئینگلیز) دەڵێـــت: کار مرۆڤی بەرهەم هێنا. لەڕاستیدا هەر کارە پێناسەی بوونی مرۆڤ دەکات. مرۆڤی بێ ئیش و کارنەکەر و مشـــەخۆر جگە لەوەی سەرباری کۆمەڵگە و بنەماڵەکەیەتی، هیچی دیکە نییە و کورد گوتەنی نەبوونی لەبوونی باشترە.

لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەموو کەسێك خاوەنی یەك پیشە نییەو کۆمەڵگەی ئینسانی بەبوونی پیشە جۆراوجۆرەکانە گەشەدەکات و بەرەو لوتکە دەچێت. کۆمەڵگە چەندە پێویســـتی بە دکتۆر، ئەندازیار و مامۆســـتا و بازرگان هەیە، ئەوەندەش پێویستی بە دوکاندار و بۆریچی وتەنەکەچی و چێشـــتلێنەر و بەردەســـت و خاوێنکەرەوە هەیـــە.. ڕەنگە ڕۆڵ و ئەرکەکان جیابن و دکتۆرێك و کەناســـێك وەك یەك نەبن، بەڵام گومانی تێدا نییە، کۆمەڵگە بە بوونی پیشـــە جۆراوجۆرەکان پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. هەموو پیشـــەیەك لە شوێنی خۆیدا جێگەی ڕێز و بایەخە و بێ ئیشی و مشەخۆری و نەنگییە بۆ کۆمەڵگە..

لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا پیشـــەکان پۆلێن دەکرێـــن و بەپێـــی چۆنیەتی پیشـــەکان ڕێز بـــۆ خاوەن پیشەکە دادەنرێت، کەسایەتی مرۆڤەکـــە بـــە چۆنیەتـــی پیشـــەکەیەوە دەبەستنەوە، لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەمدا پیشەکان وەك یەك سەیر ناکرێن و بەیەك چاو نابیندرێن، ئەمەشە وایکردووە کە ڕێزی کەنناس و خاوێنکەرەوەیەك وەك ڕێزی دکتۆر و ئەندازیارێك نەبێت، تەنانەت ئەگەر کەسایەتی خاوێنکەرەوەکە و ڕەوشتی چێشتلێنەرەکە بەرزتریش بێت و ئاستی ڕۆشنبیری دارتاشێك زۆر لە هی بازرگانێك لەسەرتر بێت، هێشتا بە چاوێکی ترەوە ســـەیری پیشـــە ئاســـت بەرزەکان دەکرێت، ئەگەرچی پیشـــە هەر پیشـــەیە و ئاستی بەرز و نزمی لە پیشەدا نابێت پێوەرلای کەسایەتی بێت.

کاریگەری پیشەی مرۆڤەکان، تەواو ڕەنگدانەوەی بەســـەر دەروونی منداڵەکانیانـــەوە هەیە، تەنانەت وایکـــردووە دوو منداڵ کـــە هەردووکیان قوتابین و لەیەك پۆلدا دەخوێنن، خۆیان لە ئاســـتی یەکتردا نەبینن، منداڵی بازرگانێك شـــەرم بکات لەوەی کە لەگەڵ منداڵی کەنناسێك هاوپۆلە...

پرســـیارەکانی لەمجـــۆرە کە (باوکت چ ئیشـــێك دەکات؟ دایکـــت لە کوێ ئیـــش دەکات؟ بۆ قەت باسی پیشەی باوکت ناکەی؟ و ....؟» ڕەنگە زۆر ســـادە بن و وەڵامەکانیشیان سادە بێت، بەڵام گەلێك جاران بـــۆ قوتابی و خوێندکارانـــی قۆناغـــی ســـەرەتایی و ناوەندی و تەنانەت خوێندکارانـــی زانکـــۆش دژوارتـــرە لـــە دژوارتریـــن پرســـیاری فیزیا، کیمیـــا، بیرکاری و جوگرافـــی و...تاد. تەنانەت بە هێنانەگۆڕی ئەم پرســـیارەش هەست بەشەرمێك لەناخیاندا چەکەرە دەکات، جار هەیە قوتابییەك کە هەرچەندە ئاستی زیرەکی و هۆشیاریشی لەسەرێیە و لە ڕیزی یەکەمەکاندایە، بـــەڵام کە بیردەکاتەوە باوکـــی چ کارێك دەکات و یـــان هاوپۆلەکانی بە توانجەوە باس لە پیشـــەی دایك یان باوکی دەکەن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاســـتی زیرەکی دابەزێت و لە خوێندن دواکەوێت..

ئەحمەد بە وتەی مامۆستاکانی لە ڕیزی قوتابییە زیرەك و هۆشـــمەندەکانی قوتابخانە بووە، نمرەکانی خوێندنی هەمیشە لە ٩٠ بەرەو سەرتر بووە، کەچی ئێستا ماوەیەکە وەك جاران نییە و ئەوەندە دوورەپەرێز و گۆشـــەگیرە و لە ناخی خۆیدایـــە تەنانەت بۆ پشوودانیش ناچێتە دەرەوە. مامۆستا هۆشیار دەزانێت کە هۆکارێك وای لە ئەحمەد کردووە، کە ئەوا بچێتە ناخی خۆیەوەو بۆیە لێی دەپرســـێت، ئەحمەد، وەرە من و تۆ نەك وەك قوتابی و مامۆستا، بەڵکو وەك دوو هـــاوڕێ ئەگەر بە هاوڕێم دادەنێت، پێمبڵێ چ هۆکارێك پاڵی پێوەناوی کە وەك جاران نەبی و ئەو کوڕە دەم بە پێکەنین و زیرەکەکەی جاران نەمابی؟ ئەحمەد بە شـــەرمەوە دەڵێت: مامۆستا دەزانی ئەو کەســـەی کە لەبـــەردەرگای قوتابخانە عارەبانەی پێیە، باوکی منە. من شـــەرم دەکـــەم کـــە باوکـــم دەبینم عارەبانەی پێیە!! چەندین جـــار بـــە



ئاسۆ: سابلاغ

باوکم گوتووە، باوکە تکایە عارەبانەکەت دەبەیە هەر جێگەیەك بیبە، بەڵام مەیبە بۆ نزیك قوتابخانەکەمان، چونکە قوتابییەکانی هاوڕێم دەزانن کە تۆ باوکی منی!

ئەحمەددەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە گەلێکن، هەموو قوتابییەکانی قوتابخانەیەك، پیشەی باوکیان وەك یەك نییە، هەموویان کوڕی بازرگان و زێڕنگەر و ئەندازیار و دکتۆر نین، ئەوان نموونەی کۆمەڵگەن، کۆمەڵگەیەك کە هەموو پیشەیەکی تێدایە...

مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت، کاتێك تازە وەرزی خوێندن دەستی پێدەکرد، من بۆ یەکترناسین و ئاشنابوون بەیەکتر قوتابییەکانم هەڵدەستاند و چەند پرسیارێکی سادەم ئاراستە دەکردن، وەك ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی و باوکت چ دەکات؟ بڕوا بکە کە پرسیاری باوکت چ پیشەیەك ئەنجام دەدات دەهاتە گۆڕێ، بەشێکیان هەوڵیان دەدا خۆیان لەو پرسیارە بدزنەوە، یان تەنیا بڵێن مامۆستا باوکمان کاسبە.

کاتێك منداڵێك کە لە پیشەی باوکی یان دایکی شەرم دەکات، ئێمە دەبێت بیرلەوە بکەینەوە کە چ هۆکارێك وایکردووە کە منداڵەکان لە ئاست پیشەی دایك و باوکیان شەرم دایانبگرێ؟ بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی شوێنەواری ئەو کەلتوورە ناشیرینە دەبێ چ هەنگاوێك هەڵبێنین؟

شەرمکردن لە پیشەی دایك و باوك زۆر پەیوەست نییە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوەو هەر منداڵی قوتابی ناگرێتەوە، بەڵام چونکە مێرمنداڵان و هەرزەکاران لە قۆناغێکی هەستیاری تەمەندان، کاریگەرییان بەسەرەوە زیاترە، ئەگینا گەنجی سەرووی تەمەنی ٢٥ ساڵیش هەیە کە لەناو هێنانی پیشەی دایك یان باوکی شەرم دایدەگرێ، تەنانەت گەر لە هەندێکیان پرسیار دەکەی، کوڕ یان کچی کێی؟ لە وەڵامدانەوەکە بە لارێدا دەڕوات و دەڵێت، من خوشکەزای فلان کەسم، یان برازای فلانەکەسم؟ چونکە مام یان خاڵی ئەو پیشەیەیان هەیە کە لە کۆمەڵگەدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکرێت بۆیە شەرم دەکات ناوی باوکی بڵێت و خۆی بە برازا یان خوشکەزای فلان کەس دەناسێنێ.

کاریگەری ئەو بیرکردنەوەو کەلتوورە هەڵەیە لەسەر منداڵانی قوتابی زیاترە، چونکە زۆر سروشتییە هەتا منداڵ لەبارێکی دەروونی ئاسوودەتردا بژی، شادمانەتر دەژی، ئەو بەخۆشی ژیانە وایلێدەکات کە وزە و تواناکانی بۆ خوێندن و بیرکردنەوە زیاتر بێت. بەڵام قوتابییەك کە لەبەر هۆکاری پیشەی باوکی یان دایکیەوە لەلایەن هاوپۆلەکانی گاڵتەی پێبکرێ یان بە چاوێکی دیکەوە سەیر بکرێت، گومانی تێدا نییە کاریگەری نیگەتیڤی بەسەر ناخیدا دەبێت و تەنانەت هەبووە تەنیا لەبەر ئەوەی کە باوکی کەناسە یان دایکی خاوێنکەرەیەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە هەرچەندە قوتابییەکی زیرەکیش بووە. کەم قوتابییش هەیە ئاستی تێگەیشتنی وەك «هۆشەنگ» بێت، کاتێك لەبەردەم مامۆستا و قوتابییەکانی ئاوا وەڵامی دایەوە.

مامۆستا کاتێك لە هۆشەنگی پرسی پیشەی باوکت چییە؟ وەڵامی دایەوە مامۆستا باوکم کەناسە.. بەو وەڵامە بەشێکی زۆر لە قوتابییەکان لە قاقای پێکەنینياندا. هۆشەنگ بێ ئەوەی کە خۆی تێکبدا و گوتی «پیشەی باوکم لە زۆربەی زۆری پیشەی باوکی ئێوە شەریفانەترە، باوکم بە ماندووبوون و زەحمەت و ڕەنجی خۆی دەژیت، ئەو چاوی لەدەستی کەس نییە و بۆ خوێندن و پێگەیاندنی ئێمە منەت لە کەس هەڵناگرێ.. بۆ دەیان جار دەیڵێم و دووپاتی دەکەمەوە، شانازی. شانازی بەو باوکەمەوە دەکەم و سەربەرزم بە بوونی باوکێکی وا، منیش هەوڵ دەدەم بە خوێندن و خۆپێگەیاندن ببمە شایانی ئەوەی کە کوڕی ئەو باوکەم». بەڕاستی هەر واش دەرچوو، هۆشەنگ لە قوتابخانەکاندا پێشەنگە و زیرەکترین قوتابی قوتابخانەکەیەتی..

بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە تاڵەمان لەبیربچێت، هۆکاری ئەو جۆرە بیرکردنەوە پێوەندی بە سیاسەتی چەوتی نایەکسانی و ناعەدالەتی دەسەڵاتدارانی هەر کۆمەڵگەیەکەوە هەیە، کۆمەڵگەیەك کە پیشەکان بە یەك چاو سەیر ناکات و مەودایەکی زۆر دەخاتە نێوانیان ئەو جۆرە بیرکردنەوە لە منداڵدانی ئەو کۆمەڵگەیەدا گەشە دەکەن، کاتێك مووچەی مانگانەی دکتۆرێك یان ئەندازیارێك دە قات زیاترە لە مووچەی کەنناس و چێشلێنەر و خاوێنکەرەوەیەك و مەودایەکی بەرفراوانی چینایەتی دروست بووە لە نێوانیان، ئەو لە ناخۆشترین باری ژیاندان و تەنانەت کرێی خانووەکەشیان بە زەحمەت دەستدەکەوێت، ئەویشیان هیچ چەشنە گرفتێکی مادیان نییە و نە تەنیا خانوویەك، بەڵکو چەندین خانووی هەیە، ئەمە وادەکات بۆ پیشەکانیش پلەبەندی و ریزبەندی دابندرێت، زۆر سروشتییە کە قوتابییەك کاتێك هەست بەوەدەکات پیشەی باوکی لە ریزی پلەی ٩ و ١٠ دایە و لە ئاکامدا ئاستی بژێوی ژیانی لە خوارترە لە هاوپۆلەکەی ئەو جۆرە بیربکاتەوە کە پیشەی باوکی یان دایکی ئەو بایەخەی نییە لە کۆمەڵگەدا بۆیە لەو پلەیە داندراوە.

لە وڵاتانی ئەوروپایی و وڵاتە پێشکەوتووەکانی دیکەی جیهان، پیشە سەخت و دژوارەکان مووچە و حەقدەستیان زیاترە، بۆیە کاتێك کوڕ یان کچی خاوێنکەرەوەیەك دەبینێت، خانوو و ئیمکاناتی دیکەی ژیانیان لە هی ئەندازیار و بازرگانێك کەمتر نییە و باری گوزەرانی ژیانیان لە ئاستی یەکدایە، بیرلەوە ناکاتەوە پیشەکەی باوکی یان دایکی ئەو بایەخەی نییە پیشەکەی باوکی لەگەڵ پیشەی باوکی هاوپۆلەکەی لەیەك ئاستدا دەبینێ.

بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە ئاستی بژێوی ژیان و بەهۆی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی ماندووبوون و ڕەنجی مرۆڤەکان وەك یەك سەیر ناکرێت، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بین کە منداڵەکان شەرم بکەن لە پیشەی باوك یان دایکیان. هەروەك بە کردەوە و بە نموونەش باسی ئەوەمان کرد. چارەسەری ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییە، بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەیرکردنی مرۆڤ وەك مرۆڤ دەستبەر دەکرێت.

